# تەندروست . نێت

زۆر لە مێژبوو کەوتبوومە سەر کەڵکەڵەی هێنانە کایەی ماڵپەڕێکی کوردی لەمەڕ تەندروستزانی. ڕۆژانە هەستم دەکرد بیرۆکەکە پێداویستییەکی ڕۆژە چونکە زانستی پزیشکی لە دنیادا فرە پێشکەوتووە و زانست و تەکنەلۆژیاش شانبەشانی یەکتر لە پێناو خزمەتکردنی مرۆڤایەتیدا بەرەو پێشەوە دەچن. جا کاتی ئەوە هاتوە ئێمەی کوردیش کەمێك سوود لەو پێشکەوتنانەی سەردەم وەرگرین , من لێرەدا لە بواری پزیشکی دەدویم .

دانیشتوانی کوردستان لە بارێکی تەندروستی خراپدا گوزەر دەکەن و ژمارەیەکی زۆر لە پزیشکەکان کوردی باش نازانن یان ناخوازن وخۆیان بە زمانی داگیرکەرانەوە بادەدەن , لەوانەشە نەخۆشی کورد لێیان تێنەگات وئیدی بە زیانی نەخۆش دەگەڕێتەوە .

نەبوونی سەرچاوەی نوێش لە کوردستاندا وای لە زۆربەی زۆری کادیرانی تەندروستی و بگرە خەڵکی کردووە تامەزرۆی زانستی نوێی تەندروستی و پزیشکی بن بە زمانی کوردی .

## زانیاری پێویست دەربارەی بڵاوکردنەوەی بابەت ماڵپەڕەکە و بابەتەکانی..

1- پێویستە نووسینەکە بە کوردی بێت وبە پێی توانا هەڵەی نووسین و وشەی بێگانەی تیادا نەبێت . لە کاتی پێویستدا ستایلی نووسینەکە ڕاستدەکرێتەوە لەبەرئەوەی ئێمە ستایلێکی زانستی ستاندەر بەکار دەبەین . نابێت نووسینەکەت PDF بکەیت .

2-گەر نووسینەکە باش بێت ئەوا لەو بوارەی پزیشکەکەدا بە هەمیشەیی وەك سەرچاوە دەمێنێتەوە .

3- نووسینەکە باسێکی پزیشکی باش بێت تا خوێنەری کورد سوودی لێوەربگرێت .

4- نووسەریان وەرگێر دەبێت ئاماژەی سەرچاوەی نووسینەکەی بکات, دەنا نووسینەکە بڵاوناکرێتەوە .

5- نووسەر وێنەیەکی (گچکە) خۆی لەگەڵ نووسینەکەدا دەنێرێت ژمارەی تەلەفون یان پۆستی ئەلەکترۆنی دەنێرێت تا کەس نەتوانێت نووسینی کەسانی تر بۆخۆی بڵاوبکاتەوە .

لە کۆتاییدا سوپاسی بێپایان بۆ هاوکاری هەردوو برایان (کاك سەرداری سدیق ئەفەندی) و (کاك زانکۆ دەسکۆ) .

د . زاهیر سوران

پسپۆری نەخۆشییە درمەکان

خوێندکاری پسپۆری تەندروستی گشی-ستۆکهۆڵم .

(www.tendrust.net)